# لەئاسۆی کۆنفرانسەکەی میسرەوە

## ئەحمەد دەشتی

ئەگەر بە وردی لە ئاسۆی ئەو کۆنفرانسە بڕوانین و لە وتارەکانی عارەبەکان بە باشی ورد بینەوەو لە قسەکانی ئەلجەعفەری سەرەک وەزیرانی عیراقی بڕوانین و بە هەستێکی نیشتمانپەروەرانە وەک کوردێکی دلسۆز بۆ کورد و کوردستان بیر لەو وتارانەو بە تایبەت لە وتارەکەی ئەلجەعفەری لە کۆنفرانسەکەی میسر دا کە فەرموویا ، ئەو کۆنفراسەی کە لە سەرداوای عەمر موسای کۆنە هەڤال و هاوکارە نەزیکەکەی سەدامی دکتاتۆر بەستراو هەمیشە خاکی باشوری کوردستانی لە تەک هەموو خاکی عیراق بە خاکی عارەبان داناوە ، دەبینین کەئەمڕۆش ئەلجەعفەری هاوپەیمانی کوردستانی بەهەمان هەست و بیری عارەبە شۆڤینیەکان دێتەوە مەیدان و ئەمجارەش خاکی باشوری کوردستان بە خاکی عروبەو بەشیک لە ئوممەی عارەبی دادەنێت ، دەبینین کە لەو کۆنفرانسەش دا شەکری شکاندو دیسان گوتی عێراق بەشێکە لە وەلاتانی عارەبی و هەرگیز لە ئوممەی عارەبی جیا نابێتەوە و ئەمجارەش بەوە ڕانەوستا کە هەولی مانەوەی تەنیا کەرکوکی دڵی کوردستانلە ژێر سایەی تەعریب و عروبەوەوە هەتا ئێستا بمێنتەوەو هەر ڕۆژە لە لایەن وەزیرانی حکومەتەکەیەوە بڕیاریک دژ بە کورد بۆ کەرکوک دەر بکەن و شاری کەرکوکی دڵی کوردستان و هەموو ناوچەکانی کە لە خاکی کوردستان جیا کراونەتەوەو هەتا ئەمڕۆ سیاسەتی سەدامی کە تەعریب کردن بوو لە سەر تەواوی ئەو ناوچانە دا باڵی کێشاوە و هیچ چارەسەریەکاننەکراون وجێ بەجێ کردنی مادەی 58 هەر باسی لێوە ناکریت و وەک بلێی کە ڕاگیرابێت و نیازەکانی خەراپی ئەلجەعفەریەکان چاک دەردەکەوێت و تا ئەم کاتە زۆربەی کیسەکانی کەرکوک هەروا ماوەتەوە و وردە وردە وا خاک و خانوو بەرەو زەوی کەرکوک لە سەر عارەبە ئاوردەکان تاپۆ دکەن هەر ئاوا ماوەتەوە و لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی وەزیرانی ئەلجەعفەری تەعریب

کردنەکەی سەدامی هەر وا پەرەی پی دەدرێت و چارەسەریەکان هەروا بە بن بەستی هێلدراوەتەوە!!
ئەلجەعفەری ئەمجارەش هاتە دوان و بە ڕاشکاوی هەموو باشوری کوردستانی تەعریب کردەوەو هیچ ڕێزێکی بۆ گەلی کوردو خاکی شیرینی کوردستان نەهێشتەوە،خۆ دیارە کە ئەمەش هەستێکی تازەی ئەلجەعفەری نیە کە دەری دەبڕێت ئەوکابرایە هەر لە یەکەم ڕۆژیەوە کە هاتە سەرکار و لە سوێند خواردنەکەی خۆیدا لە پەرلەمان ماهیەتی خۆی نیشان داو یەکەمجار سوێندی بەوە خوارد کە ڕازی نابێت بە هیچ برگەیەک کە کەمێک لە بەرژەوەندی کورد دابێت و شێوە سوێند خواردنەکەی گۆڕی و ئەوا ئەمجارەش بە ڕک و ڕاستی لەو کۆنفراسەی قاهیرەدا کە لە 19.11.2005 دا بەسترا باشوری کوردستانی تەعریب دەکاتەوەو شەکری خۆی شکاند .

خۆی دیارە کە ئەو کونفرانسە نەک بۆ لە یەک نەزیک بوونەوە ساز دراوە بەلکو بۆ ئەوە لە دایک بوو کە عێراقیەکان بە هۆی پەیڤ و بۆچوونەکانی عارەبەکانی خۆ پەرست و کۆنە بەعسیەکان کە لەو کۆنفرانسە دا فەرمویان و کۆنە کایان بەبا کردنەوە و هەستی عروبایەتی خۆیان بە دژایەتی کردنی گەلی کورد دەربڕی و لەو کۆنفرانسەدا هەمان تاس و حەمامی دێرینەیان دژ بە کورد هێنایەوە سەر زمان و ئەمجارە نەک هەر لە سنجارەوە تا خانەقینیان تەعریب کرد بەلکو هەموو باشوری کوردستانیان تەعریب کردەوە و کوردستانیان بە خاکی عارەبان داناوەو ئەوەی کە ڕێز بیت بۆ هەستی هاوپەیمانەتی لە گەل گەلی کوردیان دا نەنا و زۆر بە ئاشکرایی فەرموویان عێراق واتە بە کوردستانەوە بەشیکی جیا نەبووەیە لە خاکی عارەبان و بە هیچ شێوەیەک ئەم خاکە لە عێراق جیانابێتەوە ، بە باوەڕی ئەم عارەبانە گەلی کورد عارەبن وکوردستانیش خاکی عارەبانەو هەروەک ڕژیمەکانی ڕابوردو بیریان لێ دەکردەوە.
ئەم کۆنفرانسەی کە بوە هۆکاری گەلی لەگرژی زیاتر دروست بوون لە نێوان هاوپەیمانەکانی عێراقی و تەنانەت لە ناو

کۆنفرانسەکەش دا وایان کرد کە پێکهاتەی هاوپەیمانەکانی
کە ئەمڕۆ لە گەل یەکن بچنە دەرەوەو کابرای ئاشوری کە
سەد لە سەد سەر بە بەعسیەکانە ڕیزی لە یاسای بڕیار لە
سەردراوی سەدا هەفتای خەلکی عیراق نەگرت کە ڕایان بە
بەڵی بۆ ئەو یاسایە داوە و بێ شەرمانە ناوی دەستوری
عێراقیان بە دەستوری ئەمەریکی ناو بردو تەوهینیان بە لە
سەدا هەفتای خەلکی عێراق کردو داوای ئەوەیان کرد کە
خەلکی عیراق ئەو دەستورەیان قەبول نەبێت و هانی خەلکی
عیراقیان دا کە لە جیاتی وەدی هێنانی ئاشتی و دیموکراتی و
ئارامی هاتن نا ئارامیەکانیان تیخ تیخە دا و دیسانەکە هێمای
شەڕی ناوخۆییان داوە، ئەو جۆرەکەسانەی کە سەد لە سەد
هاوکاری بەعسیەکانی سەدامین قەت نایانەوەی کە عێراق بە
ئاشتی و ئاسایش و ئارامیەکانی شاد ببێت.خۆ قسەکانی
جەنابی سەرەک وەزیرانی عیراقی سەرتاپای بۆنی دژایەتی
کوردی لی دەهات و قسەکانی لە هەستی جەنابی عەمر
موساوە نەزیک بوو و دژایەتیەکی ڕاستەو خۆی گەلی کوردی
کردو هەستی کەسیفی تەعریب کردن و ئازاری دڵی هەموو
کوردێکی دڵسۆز بە کوردو کوردستانی خۆیەوە دا ، بەلام
هەموو ئەوانەی کە شۆڤینیانە دژ بە کورد بیر دەکەنەوە
سەریان لە بەرد داوەو باشوری کوردستان قەت بەشێک نیە لە
خاکی عارەبان .باشوری کوردستان بەشیکە لە خاکی
کوردستانی مەزن و بە کوێرایی چاوی دوژمنانی کورد ڕۆژێ
دێت کە باشوری کوردستانیش بە مافی چارەنوسی خۆی شاد
ببیت و گەلی کورد بڕیاری خۆی بۆ هەتا هەتایە بدات و چارەی
عارەبان بۆ هەمیشە لە چارەمان جیا بیتەوە و گەلی کوردیش
خاوەن قەوارەیەکی نەتەوایەتی خۆی بێت و ڕزگاریمان ببێت
لە چنگ عارەب و عروبەوە . 22.11.2005